## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

سالار سۆفی

ڕێکخراوی فنلەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی لە ٦,٤,٢٠٠٢ لە شاری هێلسینکی بەست.

لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا هاوڕێ خەسرەو سایە، باسێکی سەبارەت بە عێراق و کوردستان پێشکەش کرد. ئێمە میوانانی کۆنفرانسەکەش، بەشداری چالاکانەمان لەگفتوگۆکاندا کرد. هەر بەو هۆیەشەوە بوار بۆ باسەکەی هاوڕێ سامان کەریم سەبارەت بە فەلەستین نەمایەوە کە ئەمەش لای من جێگای داخ بوو.

هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم کاک عەباس شوان، ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم کۆنفرانسە نووسی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/١٣ لە ماڵپەڕی کوردستاننێتدا بڵاوکرایەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هەوڵدراوە زۆربەی بۆچوونەکانی خاوەن باس و بەشداران بخرێتە سەر کاغەز، بۆیە برای ڕۆژنامەنووس ناچار بووە "هەندێکیان" بە کورتە ڕستە دەربڕێت، ئەگەر نا، جێگای لە هیچ ڕاپۆرتێکدا نەدەبووەوە.

ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێت کە بەشێك لە بۆچوونەکانی من پێچەوانە خراونەتە ڕوو، بۆیە ناچاربووم بێمە دەنگ.

بەشێك لەو دێڕانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا لە ژێر ناوی مندا نووسراوە و زۆر بە زەقی پێچەوانەی وتەکانی منن، دەیانخەمە ناو کەوانەوە و هەوڵ دەدەم بە کورتی ڕاستیان بکەمەوە.

- (لایەنگریتان لە لێدانی ئەفگانستان کر د و بەڵام، بۆ عێراق بە پێچەوانەوە. ئەوەیش لە گەورەترین هەڵەتانە ! !) .

خوێنەر لێرەدا وا تێدەگەیەندرێت کە من لە گەڵ لێدانی عێراق و ئەفگانستانیش بم بەڵام بە پێچەوانەوە من لە دژی هەردووکیانم. من لەوێدا وتوومە دژایەتی لێدانی عێراقتان کرد، کەچی دژایەتی لێدانی ئەفگانستانتان نەکرد، ئەمەش یەکێك لە گەورەترین هەڵەکانی ئەمسالّتان بوو.

- (پێویستە لێدانەکە دەست نیشان بکرێت، ئایا لە خەڵکی ئێراق یان دامودوزگا سەربازییەکان بدرێت. لێدان و نەمانی بەعس خزمەت بە خەڵکی ئێراق دەکات) .

لێرەدا بابەتەکە تەواو نەکراوە و مەبەستەکەی من دەرنەکەوتووە کە من وتوومە، ئەگەر ئەمریکا مەبەستی بێت، بە بێ لێدانیش حکومەتی بەغدا لادەبات.

- (ئەگەر گەمارۆیەك لە پێناو چەککردنی ئێراق بێت پێم باشە، بۆیە دروشمی لابردنی گەمارۆ لێکدانەوەی زیاتری گەرەکە) .

لێرەدا بۆچوونەکەی من شێواندنێکی زۆری بەسەردا هاتووە. من وتوومە دەبێت گەمارۆ هەڵبگیرێت بەڵام نەهێڵرێت چەك بۆ ڕژێمی عێراقی بچێت کە تەنانەت لە دژی خەڵکی عێراقیش بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئەم بابەتە لێکدانەوەی زیاتری پێویستە.

- (پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بە بێ پشتیوانی ئابووری و پشتیوانییەکانی تر گرێنتی ماناوەی زۆر لاوازە) .

لێرەشدا ڕێك و ڕاست پێچەوانە بووەتەوە. من وتوومە کوردستان کێشەی ئابووری نییە و سامانی کشتوکاڵی و نەوتی زۆرە. باسی گرێنتیش تەنها وەکو پرسیار لە شوێنێکی تردا لە هاوڕێ خەسرەو سایە کراوە بەو مانایەی کە " ئایا پێتان وایە ئەگەری مانەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ، لەم بارودۆخە ڕامیارییەدا هەیە؟"من تەنانەت دووجارش ئەم پرسیارەم هێنایەوە گۆڕێ.

- (کورد خۆی ساغش نەکردۆتەوە بۆیە تا ئێستا دەستی بۆ گۆڕینی یاساکان باری کۆمەڵایەتی نەبردووە!!) لێرەشدا من وتوومە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، تا ئێستا خۆیان یەکلا نەکردووەتەوە و خۆیان بە بەشێك لە عێراق دادەنێن، هەر لەبەر ئەوەش دەستیان بۆ گۆڕینی یاساکانی باری کۆمەڵایەتی نەبردووە.

- هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم لە کۆتاییدا وەك تێبینی نووسیوەیەتی (سالار سۆفی نەك هەرتێبینی قسەی لەسەر بۆچوونەکانی خاوەنباس دەربڕی، بەڵکوو لە پەرێزی خۆی دەرچوو پەرییەوە بۆ سەر قسەی میوانەکانی هاوڕێیێ!)

ئەم تێبینییە هەر زۆر سەیرە!!! هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم پێی وایە لە باس و کۆڕ و کۆبوونەوەدا، گفتوگۆ تەنها لە نێوان خاوەنباس و یەکەیەکەی ئامادەبووانە وەك تاك. بەڵام من پێم وایە کە گفتوگۆ لەنێوان هەموواندایە و بە هاوبەشی دەبرێتە پێشەوە. یان ڕەنگە پێی وابێت کاتێ کە ئێمە "میوانەکان" لەدەرەوەی ئەو حیزبەین، دەبێت هەمان ڕامان هەبێت سەبارەت بە بابەتەکان و ڕەخنە و تێبینیمان لەسەر بۆچوونی یەکتر نەبێت. من پێم وایە ئەگەرچی ئێمەی میوان " کە پێم وایە چووار کەس بووین" ڕای خۆمان دەربڕی و ڕەخنە و تێبینیشمان هەبوو، بەڵام هەر کەسێك لە ڕووانگەی تایبەتی خۆیەوە بوو. ئێمە نە سەر بە یەك ڕێکخراوین و نە خاوەنی یەك ئایدیۆلۆژیاشین، لایەنی کەم من نا.

لە کۆتاییدا من نامەوێت بڵێم کاك عەباس لە پەرێزی خۆی دەرچووە. بەڵکو دەڵێم، لەبەر دووورودرێژی باس و گفتوگۆکان و زۆریی بۆچوونەکان، ناچار بووە هەندێك لە بۆچوونەکان زۆر بەکورتی داڕێژێتەوە، لەئەنجامی ئەمەشدا جارجار مانای تەواویان نەداوە بەدەستەوە.

هیوای سەرکەوتن بۆ هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم دەخوازم.

❖ هەڵەی ڕێنووسیی دێڕەکانی ناو کەوانەکان من لێیان بەرپرس نیم، چونکە هەوڵمداوە وەك خۆیان بیاننوسمەوە.

baukilaue@hotmail.com

©Kurdistan Net